جیم صۆنت

# جۆرج ئۆروێل و ئیفلین واک یەکسانن بەیەک

و: سەڵاح عومەر



کتێبی "هەمان پیاو: جۆرج ئۆروێل و ئیفلین واک لە خۆشەویستی و جەنگدا" کە نووسەر دایڤید لیبۆدۆف نووسیویەتی تیۆرێکی لە خۆ گرتووە کە لە رووالەتدا دژی ئەقڵ خۆی دەنوێنێ: جۆرج ئۆروێل یەکسانە بە ئیفلین واک. ئایا بۆ رەتکەرەوەی ئەقڵە؟ چونکە ئۆروێل و واک لە هەموو لایەنە دیارەکاندا تەواو پێچەوانەی یەکەن. ئوروێل لە رۆمانی ١٩٨٤دا جیهانێکی تاڵی هێناوەتە بەرچاو کە لە کابوسێ دەچێ، کەچی بەناوبانگترین بەرهەمی واک "برایدس هید ریفیزیند وەک ئاوازێکی مۆزێکی خەوناوی وایە لە بارەی سەردەمی دەستکەوتەکانی ئۆکسفۆردی لەناوچوو بەهەموو بنەماڵە کاسۆلیکییە خاوەن نازناو و خانووە گەورەکانی لادێ و ئەو ویژدانەی رازیکردنی زەحمەتە.

ئۆروێل بالابەرزێکی خەمبار و رەخنە لەخۆگر بوو، شوسیالستێک بوو بەلای کرێکاری کانە بەردین و بێ نەواکاندا دەچوو، بەلام واک کورتەبالایەکی قەڵەوی چالاکی – کۆمەلایەتی بوو و کە بە کۆنەخوازی خۆیەوە دەنازی. لەم بارەیەوە رای دەگەیەنێ: ئارەزوو ناکەم ئامۆژگاری شاژن بکەم لە بارەی هەڵبژاردنی ئەوانەی بۆ خزمەتکردنی خۆی هەڵیان دەبژێرێ. ئۆروێل لە پاڵ ئەوانەی لایەنگری شەڕی ناوخۆی ئەسپانیا بوون جەنگا. کەچی واک رای گەیاند: ئەگەر ئەسپانیا پێداگیری کرد ئەوا دەبێ بۆ بەرژەوەندی جەنەراڵ فرانکۆ شەڕ بکەم. ئۆروێل بۆی هەیە پێت بڵێ چۆن کوپە چایەکی باش چێ بکەی یا باشترین شوێن بۆ برژاندنی پەتاتە لە کوێیە "لە ژێر گۆشت". واک دەتوانێ ئامۆژگاری ئەوەت بکات کە نەخشازی شوێنی مەی خواردنەوە چۆنە یا چۆن جلوبەرگ وەک "بیاو برۆبیل" بەپێی زەوقی خۆت لەبەر دەکەی؟

ئۆروێل پێی وایە پەخشانی جوان وەک شووشە وایە لە پەنجەرەیەکدا کە بەهێز و راستەوخۆیە. واک خاوەنی شێوازێکی رەنگین و درێژە و پەخشانەکەی لە نێوان گاڵتە جاڕییەکی وشک و پەخشانی بەلاغی و ئاڵاو والادایە. ئۆروێل ناسک و زۆر جددی بوو، واک شادو زۆر دەم بەپێکەنین بوو، لە هەموو ئەمانە گرینگتر رەنگە ئەوەبێ کە ئۆروێل کەسێکی زانستخواز بوو و، لە هەموو شتێ پتر لەوە دەترسا لە جیهان برا گەورە دەربکەوێ. واک کاسۆلیکییەکی رۆمانی بوو و ئاواتی گەورەی بەخوا هەبوو لە دواڕۆژدا، تەنیا شتێ کە پێ دەچێ ئۆروێل و واک پێکەوە گرێ بدات ئەو راستییە بێزارکەرەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەوەی هەردووکیان ئینگلیزن و لە بنەماڵەیەکی چینی ناوەڕاست ساڵی ١٩٠٣ لە دایک بوون.

کەواتە دایڤید لیبۆدۆف لە کتێبی: هەمان پیاودا دەیەوێ بەچی بگات؟ ئایا بەمەبەستی ناکۆکیکردن بازرگانی دەکات؟ وە یا جۆرێک لە جادووی جەدەلیەتی دیاریکراو بەکار دێنێ کە هەموو شتێ تێیدا وەک دژەکەی وایە؟ ئەم جۆر پرسیارانە منیان خستە بەر میزاجێکی قابیل بە هەڵچوون لەو کاتەی کە دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکە کرد، بەڵام ئەم هەڵچوونە هەرزوو شوێنی بۆ کامەرانی جێ هێشت، لەم چیرۆکەی بە حەرفیەتەوە لەبارەی دوو ژیانی دڵگیرانە لە سەدەی بیستەمدا نووسراوە. بەڵام هەمدیسان کاتێ لە کۆتاییی کتێبەکە نزیک بوومەوە بۆ هەڵچوون گۆڕایەوە.

لیبۆدۆفێکی پارێزەری هاتوو لە شاری مینا بولیس و دانەری کتێبی "کلینگ ئاب" کە دراما‌یەکە لە هۆڵی دادگاوە روو دەدات پێ دەچێ پاڵێوراوێکی چاک نەبێ بۆ نووسینی کتێبێکی وەها. بەڵام ئەمە روونە کە گرینگییەکی تەواو بەهەریەکێ لە ئۆروێل و واک دەدا. هەروەها خۆی لەگەڵ کوڕ و نەوەکانی واک دەکاتە یەک. ئەوانەی رێیان پێ داوە چاو بە نامە و رۆژانە و یادەوەرییەکانی تری بخشێنێ. لیبۆدۆف وتارێکی وای نووسی کە شێوازێکی بلیمەتانەی هەیە و وەک شەرابی جن سافە "کە لە هەندێ بۆنەدا بە هۆی رستەیەکەوە تێکچوو کە راچڵەکین دێنێتە لەش، بۆیە واک لە لەندەن لە لایەن جەماوەرەوە دەپەرسترا، بەڵام بەشێوەیەکی ناشایستە نێژرا" و بەشێک لە دیدگاکانی دەخستە سەر ئەو وردەکارییانەی سەرنجراکێش بوون، کە وایان تیۆرەکە کرد لە هەمان پیاودا وابێتە بەرچاو هیچ کاتێ دژی سروشت نییە.

بۆ نموونە ئوروێل و واک بەشێوەیەکی نائاسایی لە جەنگدا ئازایەتییان دەنواند و لە هەردوو حاڵەتدا ئەم ئازایەتییە وەک ئەوە دەردەکەوێ کە لە بەهەند هەڵنەگرتنێکی بێ باکانەی ترسەوە هاتبێ، بۆیە ئوروێل گەرووی پێکراو هێندەی نەمابوو لە لایەن قەناسێکی فاشستی لە شەڕی ئەسپانیا بکوژرێ، لەو کاتەی لە یەکێ لە سەنگەرەکان بۆ داگیرساندنی جگەرە بەپێوە وەستابوو. واکیش هەمان هەڵوێستی لە شەڕی جیهانی دووەم نواند کاتێ بە هێمنی لەو کاتەی بە چەکی ئۆتۆماتیکی لە ناوچەی لوفتوافی شەڕەگوللە بوو هاتوچۆی دەکرد و پاڵتۆیەکی خوریی سپی بریقەداری لەبەردابوو، ئەمەش وای کرد ببێ بە ئامانجێکی دیار بۆ کوشتن. ئەو کاتەی هاوڕێی و دۆستی لە سەربازی راندلۆف تشیرشل "کوڕی وینستۆن تشیرشل" هاواری بەسەردا کرد و پێی گوت: ئەی بەرازی بچووکی

نەفرەتلێکراو: پاڵتۆکەت داکەنە. لەم هاوار لە سەرکردنەدا واک بەهێمنی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ "پاشان کە بۆردومان کۆتایی هات لە بارەی هەڵسوکەوتی ناشرینت پێت رادەگەیەنم".
ئەم ئازایەتییە جەستەییە دەگەنە وێکچوونی ئەم دوو پیاوە و روون دەکاتەوە، لەوەی هەردووکیان لە رووبەڕبوونەوەی ئەوەی ئورۆێل ناوی دەنێ بیروباوەڕی باوی بچووکی ژیانی هاوچەرخ ناترسن. سەبارەت بە بچووکترین ئەم نەریتە باوانەش بەگەورە زانینی ستالینە لە لایەن چەپی بەریتانیاوە. لێرەدا ئۆروێل بلیمەتی دەنوێنێ و چیرۆکێکی خورافیانە بۆ منداڵان دەنووسێ بەناوی "باخچەی ئاژەڵان" بە هەموو بەرازە نایابەکانییەوە کە ناوی ناپلیۆن و سنوبلی لێیان لێ دەنێ و پرۆپاگەندەی سۆڤێتی پێ دەکشێنێ لە بارەی بیرمەندە ئینگلیزەکان. " بۆ بۆدۆف جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ئۆروێل بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم دەقە زەحمەتی زۆری بینیوە و بڵاوکەرەوەکان، هەتا، تی س ئەلیۆتیش لە ئیهانەکردنی سۆڤیەتی مام بەپارێز بوون" پێناسەی واکیش بۆ زەمەنەکەی خۆی لەکەیەکی پێوە بوو، وەک ئەو لەکەیەی ئۆروێل پێوەی لکاندبوو، ئەگەرچی بە تەکلیفترو نامۆتر لە رووی هەڵسوکەوتەوە دێتە بەرچاو، بەوەی ئەوە رەت دەکاتەوە کە بەریتانیا دیموکراسی بێ و لە دەرەنجامی کاسۆلیکیبوونی کە مەیلی شەڕی هەبوو و بۆ دوورتر هەنگاوی ناوە. بەچەشنێ کە لە شکستی ئەرمادای ئەسپانی پەشیمانی نواند. بەڵام سەبارەت بە واک ئەوا دوژمن لە ئاسۆیەکی نزیکەوە بە ئاسانی دەبینرا کە ئاسایی نە هیتلەر و نەستالین بوو، بەڵکو سەردەمی نوێ بوو بەهەموو چەکەکانییەوە. وێک نەچوونی کێشەکانیان رەنگە وای کردبێ لە هاوسەردەمەکانی خۆیان بەدووربن، ئەگەرچی دانەر بەئاماژەکردن بۆ وێکچوونیان جیاوازییەکی قووڵتری لە نێوانیان پشتگوێ خستووە، ئەگەرچی واک لە داهاتوو هیوابڕاوبوو و پێی وابوو کەنیسەی کاسۆلیکی دیوارێکی جێگرە دژی پەشێوی و هەراوزەنا، بۆیە سیستەمی رەوشتیی لەلایەن دەسەڵاتی خواوەندەوە پاڵپشتی لێ دەکرێ. ئۆروێلیش باوەڕدارێکی شێلگیری حەقیقەتی هەستپێکراو بوو کە ئەخلاقی هەستپێکراو لە خۆدەگرێ، بەڵام بەپێچەوانەی واک هێزی سەرووی بوون بۆ حەقیقەت ناگێڕێتەوە، چونکە ترسی لەوە هەبوو نەوەکا لە کۆتاییدا بەهۆی ئەرکێکی مێژوویی خۆی بسەپێنێ. لەم روانگەیەوە دنیابینی ئەو لە نووسینی کتێبی "١٩٨٤" بۆ ئایندەیەکی ساردی گشتگیر ترسناک بوو و پێی وابوو ئەمە گوڕی بوونێکە و بۆ هەمیشە بەڕووی مرۆڤایەتییەوە دەلکێ.

ئۆروێل و واک یەک جار لە ساڵی ١٩٤٩ چاویان بەیەک کەوت، ئەو کاتەی ئۆروێل لەسەر جێ لە نەخۆشخانە کەوتبوو، شەش مانگ بەر لە مردنی. "واک ساڵی ١٩٦٦ پاش تێکچوونی لە گەرماو کۆچی کرد". تا رادەیەک ئەم دووانە رێزی یەکیان دەگرت. ئۆروێل پێی وابوو واک تا رادەیەک رۆماننووسێکی باشە کە رەنگە هەندێ جار خاوەنی بیروباوەڕی وابێ کە ناتوانرێ بەرگریان لێ بکرێ. لەم بارەیەوە دەنووسێ و دەڵێ: "هیچ کەسێ ناتوانێ کاسۆلیکی بێ و پێ بگات" واگیش پێی وابوو ئۆروێل بیرمەندێکی چاکە و هەندێ جار دەتوانێ یەک لەسەر نۆی "٩/١" واقیع پشتگوێ بخات کە بەشێکی ئەقڵ بەدەری سروشتە. لە بارەی رۆمانی "١٩٨٤" وە بۆ ئۆروێل دەنووسێ و دەڵێ: ئەو پیاوەی خوای لە خاچ دراوی خۆشدەوێ هیچ پێویستی بەبیرکردنەوە لە ئازار نییە بەوەی کە خاوەنی هێزی گشتییە. هەتا ئەگەر ئارەزووی لایەنگیریکردنی ئۆروێلیشت هەبێ لێرەدا، ئەوا دەبێ بڕیار بدەی کە دیدی پێکەنیناویی واک لە دیدی تراژیدیایی ئۆروێل بە تەمەنتربوو، هیچ شتێ گەشتر و پرخۆشیتر نییە لە لەناوبردنی پاکی لە رۆمانە سەرەتاییەکانی واکدا، وەک "لێژبوونەوە و کەوتن" و "برێک لە تۆزوخۆڵ" بەڵام تۆخترین نەزرگری لای ئۆروێل پێ دەچێ بەرەو رابردوو بکشێتەوە. "تەنیا لە کۆریا نەبێ".

ئەگەریش ئۆروێل و واک ئەمڕۆ زیندووبان ئەوا بێگومان لەم سەردەمەی ئێستامان دەتۆقین و بێزیان دەبووەوە "بەپێی ئەوشتەی لۆبۆدۆف نووسیویەتی" بەڵام ئایا نموونەی ئەوان بۆ رقبوونەوە و ئاست نزمی وەک نموونەی دانەری کتێبەکە وایە؟ لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبەکەدا لۆبۆدۆف نارەزایی لە بالایمیل و نمایشی تەلەفزیۆنەکان دەردەبڕێ کە ناو نراون نمایشی واقیعی و بەکارهێنانی ئاڵگۆری زمانی ئینگلیزی لە کاتێکدا ئاماژە بە کلیلی سڕینەوە "دلیت"دەکات لە تابلۆی کلیلەکانی کۆمپیوتەر کە نیشانەیەکی ترسناکترە لە سەردەمی ئێستاماندا، و زۆر خراپە کە ئەم کتێبە بەلەزەت و ئیستفزازییە بە سەرنجێکی ئاست نزمی وا کۆتایی بێ.

رۆژنامەی "صباح"

دووشەمە ٢ی شوباتی ٢٠٠٩

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: عادل حەمود